# دووباره سویندخواردنەوەی کابینەی ئەلجەعفەری

## ئەحمەد دەشتی

سوێند خواردن و فێلەکەی ئەلجەعفەری سەری نەگرت و ناچار کرانەوە کە دوبارە سوێند بخۆنەوە و ئەمجارە بە بڕگەی فیدرالی عێراقیەوە سوێندیان خواردەوە کە لە پێش سوێندخواردنە هەڵە بە ئەنقەستەکەی پێشوویان کەوا دژ بە گەلی کورد بوو سوێندیان خواردو وایان زانی کە بۆیان دەچێتە سەر و ئەو فێڵەی کە کردیان بەسەریان دا تێ دەپەڕێت و کورد بێ دەنگی لێوە داکات،خۆ ئەمڕۆش بڕیارەکان وکارکردنەکان و شێوەی فەرمانڕەواییەکان لە عێراقدا هەمووی لەسەر ڕەوشی پێکهاتنەکانە لە نێوان هەموو لایەنەکانی عێراقی و کوردی دا و پاشگەز بوونەوەش لەو بڕیارانەی کە لەسەری پێک هاتوون بۆخۆی نیشانەی دانی ڕاستیەکانی دەروونی ناپاکی ئەوانەیەیە کە لێی پاشگەز دەبنەوە و ئەمەش کارێکی خەتەر ناکە و ڕیز نەگرتنە لە لایەنەکانی ترو هۆکارێکە بۆ درست کردنی ئاژاوەو هەموو ڕێککەوتنەکان و دەبێ گەلی کورد گەلێک وریا بێت و هەر کوردە چاوێکی بکا بە هەزار چاو و دوژمنانی خۆی بە کەم نەزانێت .

ئەو سویند خواردنە فێل تێکراوەکەی یەکەمجاری کابێنەی ئەلجەحفەری تەنیا بۆدژایەتی کردنی کورد ئەنجام دراو دروست کرا کە ناپاکانە بڕگەی ئەلعیراق فیدرالی دیموکراتیان قوت داو لە سوێند خواردنەکەیان وەلایان برد ،کە ئەمەش فێلێک بوو لە کوردیان کردو وایان زانی کە بۆیان دەچێتە سەر، خۆ ناچار کردنی سوێند خواردنەوەی دوو بارەی کابینەی ئەلجەعفەری مستێکی بە هێزی گەلی کورد بوو لە دەمی هەموو دوژمنان و هەست گلاوانی شۆڤێنی عارەب و دژ بە کوردو کوردستان دراو گەلی کورد بە ئەوانەی کە لە ناو دەرونیانەوە ناپاکن و نەیارانی ڕاستەقینەی گەلی کوردن و هەتا بۆیان بلوی ئەوا دژایەتی گەلی کوردن دەکەن ، بەڵام دڵسۆزانی کوردو ڕابەرانی وریاو ژیر ئەوانەی کە قەت موساوەمە لە سەر کێشەکانی کورد و کوردستان ناکەن ئەوان دڵسۆزانەی کود بە دوژمنانی کوردو کوردستانیان گوت خەیاڵتان خاوە تازە نکارن کە کورد بخەڵەتێنن و گەلی کورد توش بە کارەساتەکانی ڕابووردوو بکەنەوەو کەسانی شۆڤێنی و پیاو خەراپ

و ئەوانەی کە هەمیشە دژ بە گەلی کوردن جارێکی تر ئاوا جنایەت و گوناه و دژایەتی کورد کردنیان بۆ بچیتە سەرو بە پێشێل کردنی پەیمانەکانی نێوان لایەنەکان وەک سوێند خواردنی کابێنەی ئەلجەعفەری کە فێڵبازانە برگەی عێراقی فیدرالی و دیموکراتییان بری و ئەو برگە گرینگەیان دژ بە کوردەوە لاداو وایان زانی کە بەم سوێندخواردنەیان و فێڵبازیان و بەم کارەیان دەتوانن دیسان فێل لە گەلی کورد بکەن و بەرپرسیارانی کورد لەوە بێ دەنگ دەبن،نەیان زانی کە ماهیەت و دەروونی کەسیفیان دەردەکەوێ و هەر خۆیان شەرمەزار دەکرێنەوە،ئەمرۆ ئەو ڕۆژگارانە بە سەر چوون کە دوژمنانی کوردو شۆڤێنیە عارەبەکان بتوانن کە جارێکی تر بێن و کوردستان بشێلنەوە و گەلی کورد توش بە کارەساتەکان بکەنەوە،ئەمڕۆ کە وەزیرانی عێراقی دووبارە سوێندیان خواردەوە ئەمە بۆخۆی کارێکی سەرکەوتوانە وگەورە بوو بۆ گەلی کورد و شەرمەزاریەکیش بوو بۆ کابینەی ئەلجەعفەری کە ویستیان مەرامە خەراپەکانیان دژ بە کوردو کوردستان ئەنجام بدەن و ویستیان کە فێڵەکانی کۆن چەند بارە بکەنەوە و بۆیان بچێتە سەرو بە مەیلی خۆیان دژ بە کورد هەلس و کەوت بکەن و ئەمجارەش بەلکو بتوانن مەرامی خۆیان وەدی بێنن و دزەکارانە و دوژمنکارانە بە ناوی کابینەی وەزیرانی عێراقیوە لە ناو پەرلەمانی عێراقی دا گۆلی خۆیان دژ بە کورد بکەن و گۆلەکەشیان بۆ بژمێردرێت،هەرچەند کە سەرۆک کۆمارو جێگری سەرەک پەرلەمان و جێگری سەرەک وەزیران و هەموو وەزیرانی کوردو 77پەرلەمانتاری کورد لەو کاتەدا قڕوقەپیان لەو کردوە ناشرینەو دەژ بە کوردە کرد و جگە لە دوو وەزیر وەزیرە کوردەکانی تریش وەک ئەوانەی کە بەرنامەکەیان دژ بە کورد داڕشتبوو ئاوا بێ ئەوەی بێر لە مەسئولیەتی خۆیان بکەنەوە وەکو وەزیرە عارەبەکان سوێندیان خوارد و وەزیرە کوردەکانیش دڵی شۆڤینیە عارەبەکانیان بە داخەوە لەو دەمەدا شاد کرد و وایان دڵخۆش کردن کە گوتیان تازە بۆمان چووە سەرو بە حەوەسی خۆمان دژایەتی کوردمان کردو برگەی عێراقی فیدرالی دیموکراتیمان لا بردو ئیتر بۆیان چوە سەر و توانییان کە وەزیرە کوردەکانیش چەواشەبکەن و وەک هەموو ئەوان سوێندیان بخۆن!!!خۆ بێ دەبگی سەرۆک کۆمارو

77 پەرلەمانتاری کورد وجێگری سەرەک پەرلەمان و جێگری سەرەک وەزیران لەو کاتەدا کە لەوێ بوون بۆخۆی کارەساتێکە کە هەرگیز نەدەبوایە ڕێگە بە ئەم جۆرە سوێندخوارنە فێڵاویە بدرابایەو هەموو لە هەموو کوردەکان بە یەک دەنگ قەبولیان نەکردبا کە بەڕاستی ئەمانە هەمووی جێگای پرسیارن و دەبێ گەلی کورد ئەم جۆرە ڕوداوانە بە هەند هەڵ بگرێت و هەموو ئەوانەی کە لەسەر کێشە ڕەواکەی کورد بە جواب نایێن دیارە کە وەک پێویست مافی ئەو جێگایانەیان نیە و دەبێ بڵێین گەلێک بە داخەوە بۆ ئەو ڕوداوە و بە تایبەتی بۆ بێ دەنگی پەرلەمانتاران و وەزیران و بەرپرسیارانی تر کە لەو کاتە دا لە پەرلەمان بوون!! دوژمنانی کورد نەیان دەزانی کە ئەمڕۆ نکارن فێل لە کورد بکەن و بۆیان بچێتە سەر.چونکە ڕابەران و دڵسۆزانی کورد بە تایبەتی ئەوانەی کە هەرگیزاو هەرگێز موساومە لە سەر کێشە ڕەواکەی کورد ناکەن و سەدان پەرلەمانتارو سەرۆک کۆمارو خەلکی تری کورد لە بەغدا بی دەنگی لە هەموو ڕاکان وهەلس و کەوت و هەنگاوەکانی دژ بەکورد بکەن بەڵام لە کوردستنانەوە دڵسۆزانی کورد هەرگیز بێ دەنگ نابن و ئاوا کابینەی ئەلجەعفەری ناچار دەکەنەوە کە پاشگەز ببنەوە و دووبارە لە بەر چاوی کامێراکانی جیهانیوە سوێند بخۆنەوە و لە سوێند خواردنەکەی یەکەمجاریان دژ بە کورد ناچاربکرێن کە پاشگەز ببنەوەو ئاوا دوبارە سوێند بخۆنەوە .2005.5.9